# لەو دیو پە نجەرەوە ... پشیلەیەك

قوبادی جەلی زادە

قوبادی جەلی زادە .... شەوباش
تەماشاکە ، سوپای سپی چ زوو ،
گەمارۆی شارەکانی داو
سەری بە دارستانەکان شۆڕ کرد !
لە باخچە خنجیلانەکەتدا ، کوا پنتێك رەشایی
تا دڵە لەگۆچووەکەمی تیادا ،
تاوێ هەڵکورمێ !

لەو هەڵمە ئاگرینە ، چلێکم بدەرێ ،
کە مینای عەینەك و مینای پەنجەرەکانی
تەڵخ کردووی !
رێمدە تا میاوە میاوی بە شەختە بووم ،
لەبەر ئاوێنەی ئەو پشکۆیانە هەڵبخەم
کە لە نێو چاوی ئاگردانێ ،
بە ساقۆی خۆڵەمێشی و پوزەوانەی ئاڵەوە
خەو دەیانباتەوە !

قوبادی جەلی زادە ی دۆستم:
پێنج شەوە لەبەر پشمینی چۆلەکە ،
درەختێك خەوی لێ نەکەوتووە.
مانگ ، تریفەی ئاخنیوەتە کونە گوێی
تا چیر ،

کۆکە کۆکی هەساران ، هەراسانی نەکەن .
دارتێلە لاق شکاوەکان ، بۆ چرای گۆچانێك دەگەڕێن
بیانباتەوە شەقامەکانی رووناکی .

قوبادی جەلی زادە ی  هاورێم..
قوژبنێکی ژێرزەمینە شێدارەکەتم بدەیە ،
تا تیایدا سەرخەوێك بشکێنم ،
خەوی سەر سیسەمی ئاوریشمینیش ، بۆتۆ .

بۆ منداڵە کلك تەزیوەکانم ، کارتۆنێکی شەق و پەقم پێ ببەخشە ،
سندووقە پۆشتەکانی هەڵبژاردنیش بۆ تۆ !
لە جامولکەیەکی ژەنگندا ، بۆ من ،
دوو مڵاك شیری ووشك .
گوانی تەڕی هەموو مەڕە خرپنەکانی هەولێریش بۆتۆ !

رێم دە با دوور لە تیرە بارانی باران و تفی بەفر ،
لە پاڵ ژنە چڵکنەکەمدا ، بنووم ...
ژنە بۆنخۆشەکانی شەقامی ئۆرزدی و
حەمامی نمرەش ، بۆتۆ !

تەماشاکە قوباد ... ،
چ دکتاتۆرێکی دڵرەشە  بەفر
ژورناڵی هەموو رەنگەکانی داخست و
قلّچەی هەموو هونەرمەندەکانی سپی کرد !
دەستی بۆ شەرەفی ، گوڵە باخە چارشێو بەسەرەکان درێژ کردوو
رووت رووتی کردنەوە .
قوڵرووت
سینگرووت
قاچرووت

قرووت !
سەیرکەچۆن بە دەستێك داوێنی خۆیان داپۆشیوەو
بە دەستێك مەمکە لەرزیوەکانیان !
بە تای ئەوەڵکراسێکی کورت کورتی سپییەوە ،
لە نێو رەهێڵەی شەرمدا ، هەڵدەلەرزن .

تەماشاکە بەفر چۆن ،
بە تەنیاییمان دەوەڕێ .
چلۆن ، زیندانەکانی پڕ کردوە لە ڕێکخستنەکانی پەلکە زێڕینە .
لە لایەنگرانی رەنگاڵە
لە هەوادارانی پەپوولە .
من نە حیزبێکم هەیە داڵدەم بدات .
نە دیوەخانێك گەرم کاتەوە .
نە سەندیکایەك، ئیسکە گۆشتێکم بداتێ !!
قوبادی جەلی زادەی برام :
شەو شاد .